# وەفدی عێراق، وەڵامێکی لە تورکیا وەرنەگرتەوە!

ئاسۆ کەریم/ لە رۆژنامەی هەولێر بڵاوبۆتەوە
Aso2karim@yahoo.com

ئێوارەی 25ی ئەم مانگە، وەفدێکی سیاسی و ئەمنیی عێراقی بە سەرۆکایەتیی وەزیری بەرگری، بۆ خاوکردنەوەی قەیرانی ئێستا و رێگەگرتن لە لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی کوردستان، گەیشتە ئەنقەرە. ئەم وەفدە عێراقییە، دوو نوێنەری هەرێمی کوردستان: سەفین دزەیی و عیماد ئەحمەدی تێدا بوو. بەپێی هەندێ سەرچاوە، ئەفسەری ئەمریکیش لەگەڵ وەفدەکە بوون و لە نزیکەوە ئاگایان لە وردو درشتی شتەکان هەیە.

بەرلەوەی ئەم وەفدە، بچێتە ئەنقەرە، عەلی باباجان-ی وەزیری دەرەوەی تورکیا، گوتی "بەغدام ئاگادار کردووە، وەفدی عێراقی پێشنیازی کۆنکرێت لەگەڵ خۆیدا بێنێ، دەنا سەردانەکە سوودێکی نابێ". دیارە حکوومەتی مالیکی-یش بۆ خۆنیشاندان و لەژێر فشاری تورکیا، پەکەکەی بە رێکخراوێکی بەدخوازی تیرۆریست داناو قەولی پێوەدانی کامپەکان (!) و هاریکاریکردنی تورکیای دا، لێ چۆن؟. هەرچەندە، وەزیری بەرگری عێراق، لە ئەنقەرە، ئەوەی درکاندووە کە وەفدەکەی عێراق، پێشنیازی کۆنکرێتیان پێیە و پاشانیش لە دەقی ئەو بەیاننامەیەی کە لەلایەن وەفدی وتووێژکەرەوە دەرچووە، پێشنیازەکانی وەفدەکە بۆ چارەکردنی کێشەکە، خراوەتەروو! هەر بەپێی بەیاننامەکە (لەسایتی پی یو کەی میدیا بڵاوکراوەتەوە)، تا ئێستا بەرەسمی تورکیا وەڵامی ئەو پێشنیارانەی نەداوەتەوە، لێ وەکو لە ئاخاوتنی بەرپرسەکانی تورکیا دەردەکەوێ، ئەوان شتی دەست و بردیان لە عێراق دەوێ!

وەکو زانراویشە تورکیا چەند داخوازییەکی لە ئەمریکا و حکوومەتی عێراقی و لە رێگەی ئەم دووانەشەوە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، گرینگترینیان: پەکەکە لەناو خاکی کوردستان دەربکرێ، کامپەکانیان دابخرێ (دیارە پێشتر تورکیا کامپی مەخمووریشی، بە کامپی حەسانەوەی چەکدارەکانی پەکەکەو مەشق و راهێنان دادەناو داوای داخستن و تەحویلدانەوەی ئەو کوردە ئاوارەنەشی دەکردەوە کە لە ئەنجامی شەڕدا، روویان لە عێراق کردووە)، سەرکردەکانیان رادەستی تورکیا بکرێنەوە، رێ بە چالاکییەکانیان نەدرێ... ئەوە ئامانجە راگەیەنراوەکانی تورکیان، هەرچی ئامانجە رانەگەیەنراوەکانیشە، ئەوە لە ئەجێندای کۆبوونەوەی رۆژی 24ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کە لە رۆژنامەکانی تورکیا ئاماژەیان بۆ کرد، داهاتوون کە پەکەکە تەنیا مەبەست نییە، بەڵکە ستاتۆی هەرێمی کوردستان و رەوشی ئێستا و ئایندەی عێراقیش بەلای ئەوانەوە گرنگییان لەوەی یەکەم کەمتر نییە. با ئۆردوگان و حکوومەتەکەیشی جار دوای جار، جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە، کە ئامانجی ئەوان لە لەشکرکێشی تەنیا پەکەکەیە، نەك یەکێتیی خاکی عێراق و سەربەخۆیی سیاسیی ئەم وڵاتەو نایانەوێ پەکەکەو "باکووری عێراق" تێکەڵ بەیەك بکەن!

تا ئەو دێڕانە دەنووسم، جگە لەوەی، بە قسەی لایەنی عێراقی، گوایا وتووێژەکە " ئەنجامی ئیجابی" هەبووە و هێشتا دەرگای گفتوگۆ پێوەنەدراوە، تورکیا وەڵامێکی نەبووە، لێ هەر بۆ هێنانە بەرچاو، ئەم تێبینییانە دەخەمە روو:

- وەفدەکەی عێراق، زۆر بە ساردی و لە ئاستێکی نزم، دوور لە ئەتەکێتی دیپلۆماسی، پێشوازی لێکراوە و هەم لە رووی جێگەی دابەزین و حەوانەوەوە. رەنگە ئەم مامەڵەکردنە نا لایەقە، لەبەر بوونی نوێنەرانی کورد بێ لە وەفدەکە.
- جێگەی دیمانەو کۆبوونەوەکە، ئەوەی بەیانی هەینی لە بینایەی وەزارەتی دەرەوە بەڕێوەچووە.
- لە لایەنی تورکیاوە، وەزیری دەرەوەو وەزیری ناوەخۆ بەشداری وتووێژەکەیان کردووەو سات بە سات سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا و ئۆردوگان-یان لێ ئاگادار کردۆتەوە.
- لەناو وەفدی عێراقیدا، بوونی دوو نوێنەری کوردستانی عێراق، گرنگیی خۆی هەیە. ئەو بەیاننامەیەی لە وەفدەکە دەرچووە، کارەکانی پەکەکەی لەسەر سنوور بەکاری تیرۆریستی ناوزەد کردووە. ئەم بەشداریکردنەی کورد لە وەفدی لەم بابەتە، دەبێتە پێشینە بۆ وڵاتانی تری دراوسێ سەبارەت بەپرسگەلێکەوە کە پێوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێ. ئەمەش هەنگاوێکە بۆ پێشەوە.

- **ئەمە هەوڵێکی دوو قۆڵیی هەردوو وڵاتی تورکیا و عێراق بوو بۆ ئیحتیواکردنی قەیرانەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك کە هەردوو لا پێی رازی بن. دیارە لە دنیاشدا، هەروایە، یەکەمجار وتووێژی دوو قۆڵی، ئەوجا ناوبژیوان و تەرەفیی سێەم و شتی تر دێتە ناوەوە..**
- **هەڵبەت، وەفدەکە، مادام کوردیشی تێدایە، پێشتر سەرۆکایەتی بەو پێشنیارانە رازیبووە بۆ خاوکردنەوەی قەیرانەکە.**

**لێ داواکارییەکانی تورکیا کە لە بنەڕەتدا روبەرووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە، بێ لە هەندێ داوای وەکو: ڕێگەگرتن لە هەر چالاکییەك کە پەکەکەو هەوادارانی ڕێکیبخەن لە کوردستان و عێراقدا، یان بەرتەسکردنەوەی هاتوچۆ و هامشۆ بۆ ئەو ناوچە دوورە دەستانەی کە هێزەکانی پەکەکەیان لێیە، وردبوونەوە لەو کەسانەی لە ڕێگەی فرۆکەخانەکانەوە چ بۆ ناو کوردستان دێن و چ ئەوانەی بۆ دەرەوەی دەچن، دەنا داواکارییەکانی تر، لە شیان و توانای حکوومەتی هەرێمدا نیین، بەتایبەتی وەدەرنانی پەکەکە لە ناوچە سەختەکانی سەر سنوور و لەم وەرزەدا کە بەرەو زستان دەچێ، کە لە بنەڕەتدا داواکاریی یەکەمی تورکیایە. ئەمە لە کاتێکدا سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەڵوێستێکی نەگۆڕی هەیە کە نایەوێ رابکێشرێتە ناو شەڕی تورکیا-پەکەکەوە، واتە ئامادە نییە لایەنگیریی لە هیچ کام لەو دووانە بکا، بەڵام بۆ هاریکاریکردنی ئەو دوو لایەنە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتییانە ئامادەیە. ئەگەر راگەیاندنی یەکلایەنەی ئاگربڕ لە لایەن پەکەکەوە، لە چوارچێوەی پلانێکی بەرفراواندا بێ هەروەکو بەم دواییە، سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ئەمریکی ئاماژەی بۆ کردووەو دواتر "چەك لە پەکەکەکردنەوە"ی لێبکەوێتەوە بەرەو ئاقاری چارەسەرێکی ئاشتییانەی دۆزی کورد لە تورکیا، کوردی ئێرەش هاریکار دەبن. بەبڕوای خۆم، تورکیا و ئەمریکاش لەو راستییە گەیشتوون، کە کوردی عێراق لە پەکەکە نادەن، لەکاتێکدا کە هەم بوونی پەکەکەو هەم کێشەکەی، تایبەت بە تورکیایەو هەر لەوێش چارەسەر دەبێ. هەر لە سەرینی ئەم راستییەشەوەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا رایسپاردووە حکوومەت ئابلووقەی ئابووری بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێ، کە دەق ئەوە پێچەوانەی قسەکانی ئۆردوگان-ە کە لە بەریتانیا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتەدا کردی.**

**لە رووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، چوونی ئەم وەفدە بۆ ئەنقەرە پێویست و دەبوایە بکرێ، ئەگەر لە رووی کردەنیشەوە شتێکی لێ نەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا لە رووی سیاسییەوە چاوی لەوە بوو دەسکەوتێکی پێ ببڕێ، بەتایبەتی چۆنیەتی ناساندنی پەکەکە لە لایەن وەفدەکەوە.**

**من پێموایە، وێرای کە تورکیا لەسەر سنوورەکان ئامادەسازیی سوپایی دەکا، لێ چاوی لە دوو پێشهاتی ترە، یەکەمیان کۆبوونەوەی رۆژانی 2 و 3ی مانگی ئایندەی ئەستەنبۆڵ کە بڕیارە لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق و گروپی 8 و هەندێ وڵات و لایەنی تر بەئامادەبوونی (کۆندالیزا رایس)یشەوە، گرێ بدرێ و دووەمیان کۆبوونەوەی بۆش – ئۆدردوگان-ە لە 5ی مانگدا. کەواتە تا ئەو دەمە، بواری ڕێگەچارەی غەیرە لەشکرکێشیی بۆ ناو خاکی کوردستان ماوەتەوە! با چاوەڕوانی رەوتی رووداوەکان بین!**